

ناساندن

سەعید کەمالی دەهقان

# نیگا وردبینەکانی پۆل ئاستێر "چاوخشاندنێک بەسەر دنیای گێڕانەوەی پۆل ئاستێردا"

و: مستەفا زاهیدی



پۆل ئاستێر لە دەگمەن نووسەرانی داهێنەرە کە لە پانتایی جۆراوجۆر و بەرفراوانی ئەدەبیاتدا کاری کردووە و ئەزموونی کاری هەیە. پانتاییەک کە بریتییە لە کۆکردنەوە و وەرگێڕانی شیعری فەرەنسی، نووسینی وتار و رەخنەی ئەدەبی، نووسینی شیعر، بیرەوەری نووسین، ئەزموونی ئەدەبیاتی پۆست مۆدێرنیتی، رۆمانی ریالیزمی جادوویی و تەنانەت ئەفسانەی ئاژەڵەکانیش. هەر بۆیە جیهانی نووسینی پۆل ئاستێر نووسەری ناسراوی ئەمریکایی بەبەراورد لەگەڵ هاوچەرخەکانیدا جیاواز و نوێترە و هەر ئەم تایبەتمەندییە بووە بەهۆی ئەوەی بەرهەمەکانی وەربگێڕدرێتەوە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا و هەروەها لە هەموو شوێنێک بەشێوەی باش پێشوازی لە نووسینەکانی بکرێت. هەرچەند ناودەرکردنی پۆل ئاستێر زۆرتر بەبۆنەی "تریلۆژی نیۆیۆرک"ەوە بوو بەڵام بەئەستەم دەتوانین قامک بخەینە سەر یەکێک لە بەرهەمەکانی و ئەو بەرهەمە بەنوێنەری داهێنانی ئەدەبی ئەو بزانین. ئەمە بەپێچەوانەی نووسەرانێکەوەیە کە دەکرێ داهێنان و بەتوانایی ئەوان لە بەرهەمێکیاندا دیاری بکرێت. کە باس لە داهێنانی ئەدەبی پۆل ئاستێر دەکرێ دەبێ ئاماژە بدرێت بەو تایبەتمەندییە ئەدەبییانەی کە لە سەرجەم بەرهەمەکانیدا دەبیندرێ. بەمەشەوە چیرۆکەکانی پۆل ئاستێر هەر چەند لە یەکتر جیاواز بن بەڵام خاوەنی کۆمەڵێ تایبەتمەندین کە دەکرێ جیهانی نووسینی پۆل ئاستێر بەو نووسینانەدا بناسرێتەوە.

> "من خۆم بەرۆماننووس نازانم، ئەوەی فیکر و زەینی منی داگیر کردووە ئەو شتە نییە کە زەین و فیکری رۆمانوس بەمانا باوەکەی داگیر دەکات"

> "لە کتێبەکانمدا پرسی سەرەکی، مانەوەی جیهانە. من بەرلەوەی رۆماننووس بم حەکایەت بێژم"

یەکێ لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی چیرۆکەکانی پۆل ئاستێر دووپاتکردنەوە و زۆربوونی "رووداوە کوتوپڕەکانە" کە لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا بەروونی دەبیندرێ. رەنگە بکرێ نموونەی "رووداوی کوتووپڕ" لە فیلمی "چارەنووسی

سەرسڕهێنەری ئێملی پۆلن" لە دەرهێنانی "ژان پیرنە ژنە" دەرهێنەری ناوداری فەرەنسی ببینین. ئەم فیلمە کە دەرهێنەرەکەی دان بەوەدا دەنێ کە لە رووداوە کوتوپڕەکانی ناو چیرۆکەکانی پۆل ئاستێر کەڵکی وەرگرتووە ، هۆکاری رووداوی وەک سووژەی سەرەکی هەڵبژاردووە. توخمی "رووداو" رەنگە زیاتر لە هەر بەرهەمێکی ئاستێر لە "تریلۆژی نیۆیۆرک"دا ببیندرێ کە بریتییە لە ٣ کتێبی "شاری شووشەیی"، "رۆحەکان" و "ژووری دەرگا داخراو" ، کە توخمی رووداو بەتایبەت لە ٢ کتێبی یەکەمدا زەقتر دەبیندرێ. پۆل ئاستێر لەم بارەوە ساڵی ١٩٩٣ لە وتووێژ لەگەڵ "مەگەزین لەیتەر"دا دەڵێ: "زۆربەی کات وەک رۆمانی پۆلیسی باس لە "سیانەی نیۆیۆرک" دەکردرێ. من لام وا نییە. کەڵکم لە هەندێ توخمەکانی رۆمانی پۆلیسی وەرگرتووە بەڵام بەگشتی رووداوێ روو نادات، مەبەستم ئەوەیە هیچ تاوانێ بوونی نییە. ئەگەر باسیش لە ئەفسەری شارەزا دەکرێ هۆکارەکەی زۆر سادەیە، رۆژێ بەهەڵە تەلەفۆنێکم بۆ کرا و کەسێک دەفتەری ئەفسەر پینکترینی دەویست، پێم خۆش بوو وەفادار بم بەم رووداوە، لانیکەم لە سەرەتای چیرۆکدا. کە رۆمانی "دێوەزمەم"م تەواو کرد دەقێکی سەیر و کورتم نووسی نزیک بەچل لاپەڕە بەناوی "دەفتەری سوور" کە لەوێدا ئەو رووداوە سەیر و سەمەرانەم گێڕاوەتەوە کە روویان داوە لە ژیانمدا. لەوێدا باسیشم لەم پێوەندییە تەلەفۆنییە کردووە کە ساڵی ١٩٨٠ رووی دا. چەند مانگ بەر لەمە یانی نزیک بە ١٢ ساڵ دوای ئەم رووداوە، سەرقاڵی کارکردن بووم کە تەلەفۆن زەنگی لێدا و تەلەفۆنەکەم هەڵگرت کەسێک ئاغای "کۆئین"ی دەویست. لە بەرخۆمەوە وتم رەنگە یەکێ لە هاورێکانم ویستوویەتی گاڵتەم لەگەڵ بکات. کۆئین ناوی یەکێک لە کەسێتییەکانمە لە "شاری شووشەیی"دا کە کەسێک بەهەڵە تەلەفۆنی بۆ دەکات و لای وابووە ئەفسەری پۆلیسە. لەو رووەوە کە ئەو کەسەی زەنگی بۆ لێدام بەشێوەی سپانیایی قسەی دەکرد وتم رەنگە ئاغای کۆئین (Quinn)ی بوێت. هەر بۆیە داوام لێی کرد ناوی "کۆئین" سپێڵ بکات، بەڵام بەڕاستی هەمان کۆئین (Queen)ی دەویست، ترسام و تەلەفۆنەکەم داخست، راست وەک ١٢ ساڵ پێشتر.

ئاستێر لە وەڵامی مەگەزین لەیتەردا ئاماژە بە دوو خاڵی گرینگ دەکات. ئاغای کۆئین کەسێتی یەکەمی شاری شووشەییە، کەسێک بەهەڵە ژمارەی ماڵی ئەوان دەگرێ و لای وایە کۆئین ئەفسەرە. ئەمە لە حاڵێکدایە کۆئین نووسەری چیرۆکە پۆلیسییەکانە. دوانزە ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکە کەسێک تەلەفۆن دەکات بۆ پۆل ئاستێر و ئاغای کۆئینی دەوێت. پۆل ئاستێر لە وتووێژەکانیدا وەک دیاردەیەکی باو باس لە "رووداوە کوتوپڕەکان"

دەکات و کتێبێکی بچووکی بەناوی "دەفتەری سوور" دەربارەی دیاردە سەیر و کوتوپڕەکانی ژیانی تایبەتی نووسیوە. خاڵێکی گرینگی تر کە لەم وتووێژەدا هەیە ئاماژەی پۆل ئاستێرە بەپۆلیسی نەبوونی کتێبەکە. ئاستێر بەکەڵک وەرگرتن لە فۆرمی چیرۆکی پۆلیسی لە خولقاندنی "بان چیرۆکیدا" دەربارەی شوناسی مرۆڤەکان بەناوی" تریلۆژێ نیۆیۆرک" بەرچاوترین بەڵام نەک کاملترین داهێنانی ئەدەبی خۆی لە پانتایی ئەدەبی گێڕانەوەدا دەخاتە روو."تریلۆژی نیۆیۆرک" بەرواڵەتی هەڵخەڵەتێنەری پۆلیسییەوە توانج گرتنە لە ئەدەبیاتی پۆلیسی. ئەگەر رۆژگارێ، "ژان لۆک گۆدار" بەدروستکردنی "پەک کەوتوو" وەک فیلمێکی پۆلیسی، وتارێک دەربارەی فیلمی پۆلیسی دەنووسێ، چەند دەیە دوای ئەو "پۆل ئاستێر"بەکەڵک وەرگرتن لە فۆرمی پۆلیسی وتارێکی دەربارەی ئەدەبیاتی پۆلیسی نووسیوە. ئاستێر بەهەڵبژاردنی ناوی "ژووری دەرگا داخراو" لە سێهەمین کتێبی "تریلۆژی نیۆیۆرک"دا و گاڵتەکردن بەچەمکی "مەتەڵی ژووری دەرگا داخراو" لە ئەدەبی پۆلیسیدا، وتارێکی رەخنەگرانەی دەربارەی ئەدەبی پۆلیسی پێشکەش کردووە.


پۆل ئاستێر

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پۆل ئاستێر هۆگریی ئەوە بۆ نەریتی حەکایەت گێڕانەوە، چەمکێکی رۆژهەڵاتی کە تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ "رۆمان" بەمانا رۆژئاواییەکەی ناتەبایە. رەنگە ئەوەی کە بپەرژێینە سەر باسی

جیاوازی "حەکایەت" و "رۆمان" بابەتەکە ئاڵۆز بکات، بەڵام ئەوەی لای پۆل ئاستێر مانا دەدات بە "حەکایەت" ئەو چیرۆکە زارەکی و هەندێ جار کورتانەن کە ساڵانێکی زۆر سینە بەسینە گوازراونەتەوە و لە زاری هەزاران کەسەوە گێڕدراونەتەوە و لە بەرەیەکەوە دراوە بە بەرەیەکی تر و ئیتر لەوێدا ئاڵۆزی فۆرم و شێوەی گێڕانەوە نابیندرێ، ئەوەی لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا ماوەتەوە خودی حەکایەتەکەیە. پۆل ئاستێر کە هۆگری "دۆن کیشۆت" لە نووسینی سێروانتس بوو، لە وتووێژ لەگەڵ "مەگەزێن لەیتێر" دەڵێ: "من خۆم بەڕۆماننووس نازانم، ئەوەی فیکر و زەینی منی داگیر کردووە ئەو شتە نییە کە زەین و فیکری رۆماننوس بەمانا باوەکەی داگیر دەکات. رووکەشی شتەکان، واقیعە رۆژانەکان و جۆری هۆگری کۆمەڵایەتی، ئەوەی کە بۆ وێنە بۆچی ئەم ساڵ لە گەڵ ساڵی پاردا جیاوازە ( ئەمە ئەو شتانەیە من لێی دوواوم). لە کتێبەکانمدا پرسی سەرەکی، مانەوەی جیهانە. من بەرلەوەی رۆماننووس بم حەکایەت بێژم، هەست بەنزیکایەتی دەکەم لەگەڵ نەریتی زارەکی حەکایەتبێژیدا کە هیچ نزیکایەتییەکی لەگەڵ رۆمان نییە بەمانا باوەکەی.

هۆگری پۆل ئاستێر بەحەکایەتبێژی بەو مانایەی کە ئاماژەی پێ درا، بووە بەهۆی ئەوەی تا دەست بداتە بەرهەمهێنانی یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ناو چیرۆکەکانی، ئەویش "چیرۆک لە چیرۆکدایە" کە لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا دەبیندرێ. چیرۆکی کورت کە بەفراوانی لە نێوان رووداوی سەرەکیدا دەبیندرێن، هۆگری پۆل ئاستێر بەهەمان نەریتی کۆنی حەکایەتبێژی دەخاتە روو. "چیرۆک لە چیرۆکدا" لە کتێبەکانی ئاستێردا بۆ وینە لە "کتێبی وەهمەکان"، "موون پالاس" و "شەوی پێشبینی"دا دەبیندرێ. هەرچەندە "چیرۆک لە چیرۆکدا" بەشێوەیەکی تریش لە چیرۆکەکانی ئاستێردا دەبیندرێ. ئاستێر بەزیادکردنی توێ چیرۆکییەکان و هەروەها چیرۆکە توێ لە ناو توێکاندا، ئەم مەبەستەی پێکاوە. ئەم چیرۆکە کورتانە بەرواڵەت خۆیان بۆ ئەوە دەبن لە کتێبێکی جیادا و وەک چیرۆکی سەرەکی بێن و باسیان لێ بکرێت، بەڵام پۆل ئاستێر بەوپەڕی دڵنیاییەوە ئەو چیرۆکانە لە نێوان رووداوە سەرەکییەکاندا دەگێڕێتەوە و ئەم کارەی کردووە بەیەکێ لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی جیهانی گێڕانەوەی خۆی.

"نێوان دەقێتی"بەرهەمەکانی یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی پۆل ئاستێرە کە دەکرێ بەیەکێک لە گەورەترین تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی پۆست مۆدێرنی بزانین. زاراوەی نێوان دەقێتی چەمکێکە کە گرێ دراوە بەپۆست مۆدێرنیزمەوە و دەکرێ بڵێین هاوکات لەگەڵ تیۆری پاش بنیاتگەرایی ژوولیا کریستیوادا هاتە باس کردن و بەم مانایە کە

چەمکەکانی دەق یان رستە لە چوارچێوەی دەق یان رستەی تردا مانا هەڵگرن. بەم مانایەی کە کارکردی دەق یان رستە لە رۆماندا تەنها بەو ئاماژەیانە مانا هەڵگرە کە پێشتر لە پێوەند بەو بابەتە لە دەقە پێشترەکاندا یان لە رۆمانەکانی پێشتردا باسی لێ کراوە، بەم شێوەیە خوێنەری وریا دەتوانێ بەگەڕانەوە بۆ دەقە پێشترەکان لە ماناکەی بگات. چەمکی نێوان دەقێتی کە هەروەها بووە بەهۆی دروستبوونی چیرۆکەکانی "هایپێر تێکست" لە ئینتەرنێتدا، بەشێوەیەکی ئاگاهانە و لە رووی زانینەوە لە رۆمانەکانی پۆل ئاستێردا دەبیندرێ. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بدەین بەئامادەبوونی کەسێتییەکانی دوو کتێبی "شاری شووشەیی" و "رۆحەکان" لە کتێبی سێهەمی "تریلۆژی نیۆیۆرک" دا واتە "ژووری دەرگا داخراو". ئامادەبوونی کەسێتییەکانی دوو کتێبی پێشتر لە دوایین کتێبدا دەبێ بەهۆی دروستبوونی چەمکێکی نوێ کە لە چوارچێوەی زاراوەی "نێوان دەقێتی"دا مانا هەڵگرە.

بەلام جیهانی گێڕانەوەی پۆل ئاستێر کۆمەڵێ تایبەتمەندیی تریشی هەیە، کە ناتوانین لە چوارچێوەی وتارێکی کورتدا باس لە هەموویان بکەین. یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی چێرۆکی پۆل ئاستێر ئامادەبوونی فەزای شارە. وێنەی ئاشکرای شار لە کتێبەکانی پۆل ئاستێردا و بەتایبەت خودی چەمکی شار لە کتێبی "وڵاتی دوایینەکان" و هەروەها بەجوانی بەوێنا کێشانی نیۆیۆرک لە "تریلۆژی نیۆیۆرک"دا و ئاماژەکردن بەفەزای شار لە "شەوی پێشبینیدا" کە باس لە نیۆیۆرک و، بیرکلین، و وێستگەی شەمەندەفەر و.. دەکات ئەوە دەخاتە روو کە ئەم نووسەرە ئەمریکاییە چەندە چەمکی "شار"ی لە لا گرینگە هەروەها پۆل ئاستێر هۆگری ژیانی رۆژانەی مرۆڤەکانە و لە هەموو

**"پۆل ئاستێر هۆگری ژیانی رۆژانەی مرۆڤەکانە و لە هەموو شوێنێکی چیرۆکەکانیدا ژیانی رۆژانەی خەڵکی بەوێنە کێشاوە"**

**"پرسیار ئەوەیە کە مەبەست چییە؟ جیهان هیچ مەبەستێکی نییە. ناتوانین لە هەموو شت بگەین، بەلام هێدی هێدی دەتوانین درکی بکەین"**

## مرۆڤەکان دەمرن بەڵام کتێبەکان دەمێننەوە و دەژین کاغەز لە ئێسک و گۆشت کاریگەریی زۆرتری هەیە

شوێنێکی چیرۆکەکانیدا ژیانی رۆژانەی خەڵکی بەوێنە کێشاوە. ئاماژەکردن بە "تەنیایی" مرۆڤەکان، ترس لە رووداني رووداوێکی دڵتەزێن، شێت بوون، شکستی سۆزداری و مەرگی باوک و هاوسەر، یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییەکانی جیهانی گێڕانەوەی پۆل ئاستێر. پۆل ئاستێر وەک چۆن لە سەرەتای وتارەکەدا ئاماژەی پێ درا پانتاییەکی فراوانی لە ئەدەب ئەزموون کردووە، ئەزموونی بەربڵاوی ئەم پانتاییانە خۆی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی پۆل ئاستێر. ریالیزمی جادوویی لە "ئاغای سەرگێژە"، ئەفسانەی ئاژەڵەکان لە "تیمبۆکتۆ" و بیرەوەری نووسین لە "داهێنانی تەنیایی"،"هونەری برسێتی"و "دەفتەری سوور"، فیلمنامە نووسی بۆ "مۆسیقای بەخت"، "دووکەڵ"، "لوولوو لەسەر پرد"، لەم ئەزموونانەیە کە دەبیندرێ.

جیهانی گێڕانەوەی پۆل ئاستێر وەک لە چاوە وردبینەکانی نووسەرەکەیەوە دیارە، جیهانێکە پڕ نهێنی و سەرنجڕاکێشە. جیهانێکە کە دوای خوێندنەوە وا لە خوێنەر دەکات کە لەو بابەتانە رابمێنێ و بیریان لێ بکاتەوە، جیهانێ کە لەگەڵ ئەوەی چوویتە ئەو جیهانەوە ئەو توانایەی هەیە کە بۆ چەند سات مرۆڤ لە جیهانی واقیع داببڕێ و تەنانەت بۆ چەند سات بیباتە قووڵایی چیرۆکە خەیاڵییەکانەوە. رەنگە پۆل ئاستێر لە نووسیندا بەشوێن ئەم مەبەستەوە بێت. خولقاندنی جیهانێکی نوێ و جیاواز کە بۆ چەند سات سیحر لە مرۆڤ بکات و مرۆڤ تووشی سەرسڕمان بکات. پۆل ئاستێر دەربارەی جیهانی چیرۆک و گرینگبوونی لە وتووێژ لەگەڵ "مەگەزین لەیتێر" دا دەڵێت: "پرسیار ئەوەیە کە مەبەست چییە؟ جیهان هیچ مەبەستێکی نییە. ناتوانین لە هەموو شت بگەین، بەڵام هێدی هێدی دەتوانین درکی بکەین. بەپێچەوانەوە جیهانی هونەر بەرتەسکە، هەر بۆیە "بە بەراورد لەگەڵ جیهانی واقیع" بێ سنوور نییە و ئاسان دەتوانین ئانالیزی بکەین. کە دەگەیتە لاپەڕەی دە یان رەنگە بیست یان رەنگە لاپەڕەی پەنجا بەمەبەستێک دەگەیت. دەتوانی بەئاسانی دەربارەی بنیات و چەمکەکانی چیرۆک قسە بکەی. مرۆڤەکان دەمرن بەڵام کتێبەکان دەمێننەوە و دەژین کاغەز لە ئێسک و گۆشت کاریگەری زۆرتری هەیە.

سەرچاوە: http://www.tehranemrooz.ir/V2/ Default- view. asp? Newsid= 32079